گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper6
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٣/٠١/٠٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/٢٠
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# تێڕوانینی میتافۆڕیی لەزمان و ئەدەبدا
# ("دەربەندی پەپولە"ی شێرکۆ بێکەس بەنمونە)

**بژوێن یەحیا محەمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

bizhwen.yahya@garmian.edu.krd

## پوختە:

توێژینەوەکە بەناونیشانی (تێڕوانینی میتافۆڕیی لە زمان و ئەدەبدا "دەربەندی پەپولە"ی شێرکۆ بێکەس بەنمونە)، کە توێژینەوەیەکی زمانیی ئەدەبییە. هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و پرۆسێسی خستنەڕوی نیشانە شاراوەکانی فۆڕمێکی فەرهەنگیی، کە زیاتر بۆ نیشانەکردنی مەوداکانەو لە زمانەوانیدا بە میتافۆڕ ناسراوە، بەوردی باس لەوە کراوە، کە میتافۆڕە زمانییەکان مارکەلێدەدەن و جێگرەوەی فۆرم داڕشتنی مۆرفۆلۆژین، بەپێی تیۆری سیمانتیکی پێکهێنان ئەم میتافۆڕانە بۆ نیشانەیەکی سەرەکیی دەردەبڕدرێن، هەربۆیە دەکرێت زمان وەک کەرەستەیەکی هاوبەشی زانستی زمان و ژانرەکانی ئەدەب دابنرێت، بەتایبەتیی توێژینەوەکە تیشکی خستوەتە سەر ئەو زمانەی، کە لە شیعردا بەکاردەبرێت، بەمجۆرە لە کردەی دروستبون و شیکردنەوەی میتافۆڕدا هەردو لایەنی واتایی (سیمانتیک)و (پراگماتیک) بەشدارن، ئەگەر وانەبێت تێگەیشتن لە میتافۆڕ ئاسان نابێت. لە توێژینەوەکەدا چەندین فۆرمی پلەدار خراونەتەڕو، (شێرکۆبێکەس) بە بەکارهێنانەوەی کۆمەڵێک فۆڕم و پێدانی نیشانەی واتایی تایبەت بە هەستی خۆیەوە، نیشانە/مارکەی لە پلەداریی فۆڕمەکان داوە. شاعیر هەوڵیداوە وشەکان زۆرترین جار بەکاربهێنێتەوەو هەرجارێک بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێی میتافۆڕیی، ئەمەش هەوڵی شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی دەخاتەڕو.

**کلیلی وشەکان:** میتافۆڕ، شیعرییەت، شێرکۆ بێکەس، لادان، نیشانەی سیمانتیکیی.


## پێشەكی:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی زمانیی ئەدەبییە، بەڕێبازی پەسنی/شیكاریی ئەنجام دراوە، بەكەرەستەی زاری ناوەڕاست تەواوی توێژینەوەكە نوسراوەتەوە، هەروەها گرنگی توێژینەوەكە لەوەدایە، كە هەوڵێكە بۆ دیاریكردن و پرۆسێسی خستنەڕوی نیشانە شاراوەكانی فۆڕمێكی فەرهەنگیی، كە زیاتر بۆ نیشانەكردنی مەوداكانەو لە زمانەوانیدا بە میتافۆڕ ناسراوە، بەهۆی مەودا فراوانیی و گشتێتی لە نواندنی واتای فەرهەنگیی پۆلەڕەگەزەكاندا، تیۆری سیمانتیكی پێكهێنان بەكارهاتوە، بۆ خستنەڕوی تەواوی سێمای واتایی ئەو فۆڕمە  فەرهەنگییانەی لەتوێژینەوەكەدا خراونەتە بەر باس، هەر بۆیە ئاخێوەری زمانێک دەتوانێت نیشانەی واتایی فۆڕمێكی تر بۆ نیشانەكردن بەكاربهێنێتەوە، لەبەرئەوەی میتافۆڕ پرۆسەی بەكارهێنانەوەی فۆڕمی فەرهەنگییە بۆ نواندنی واتایی، بۆیە دەبێتە جێگرەوەی داڕشتنی یاسا مۆرفۆلۆژییەكان، لەبەرئەوەی میتافۆڕ ناچێتە ژێر باری یاسا تایبەتییەكانی ڕێزمانەوە، هەربۆیە دەكرێت زمان وەک كەرەستەیەكی هاوبەشی زانستی زمان و ژانرەكانی ئەدەب دابنرێت، مەبەست ئەوەیە زمان هەم لە زمانەوانییدا بەو پێیەی بابەتی سەرەكیی زانستەكەیە، هەم لە بواری ئەدەبیشدا وەک كەرەستەیەكی خاو بەشدارە، هەر بۆیە ئامرازی شیعر زمانەو بەشێكە لە پێویستی ئەو هێزەی، كە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە، كەواتە میتافۆڕ ڕێگەیەكی مەزن و گرنگە، ئاوەزو زەین دەبن بە هاریكاری ئەو ڕێگایە. لە درێژەی توێژینەوەكەدا بە نمونەوە ڕونكراوەتەوە، كە چی وامان لێدەكات هەندێک دەربڕین بە خوازە وەربگرین و هەندێكی تریش بە واتای بنەڕەتیی، چونكە هەمو بەزاندنی كۆتێكی زمانیی میتافۆڕ بەرهەم ناهێنێت، بەڵكو زۆرجار ناوێزەیی دێنێتە ئاراوە. بۆیە گوێگر پێویستە نیشانەی فۆڕمە میتافۆڕییەكان بدۆزێتەوە، لەگەڵ نیشانەی هەمان فۆڕم لەباری ئاسایی (نامیتافۆڕ)ییدا. بەمجۆرە لە كردەی دروستبون و شیكردنەوەی میتافۆڕدا هەردو لایەنی واتایی (سیمانتیک)و (پراگماتیک) بەشدارن، ئەگەر وانەبێت تێگەیشتن لە میتافۆڕ ئاسان نابێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە هەوڵدراوە بەكارهێنانی میتافۆڕ لە شیعردا شیبكرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شیعرەكانی دیوانی (دەربەندی پەپولە)ی شاعیری مەزن (شێركۆ بێكەس) بەنمونە هێنراونەتەوە، ڕەوتی كاركردنی توێژینەوەكە بەو ئاراستەیەدا براوە، جگە لەوەی شاعیر بە زمانێكی باڵای شیعریی میتافۆڕی بەكارهێناوەو شیكردنەوە بۆ زۆربەی وشە میتافۆڕییەكانی دیوانەكەی كراوە، دواتر هەوڵدراوە ئەوە بزانرێت، كە شاعیر فۆڕمێكی فەرهەنگیی، بۆ چەند واتای جیاوازی میتافۆڕیی بەكارهێناوەتەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بەوەی، كە سەرەتا شیكردنەوە بۆ نیشانە واتاییە فەرهەنگییەكانی وشەكە كراوە، دواتر تیشک خراوەتە سەر سەرجەم نیشانە واتاییە میتافۆڕییەكانی فۆڕمەكە، بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری شیكردنەوەی سێما واتاییەكان بەكارهێنراوە.

## 1- زمان، کەرەستەی هاوبەشی نێوان زانستی زمان و ئەدەب:

کاتێک زماناسی پێناسەی زمان دەکات، لەسەر بنەمای دیاریکردنی کارە سەرەکییەکانی زمان ئەوە دەکات، ئەو کاتەش لەگەڵ سروشتی دوانەیی زماندا بەریەک دەکەون، جەوهەری ئەم دوانەییەش لەو ڕاستییەدایە، کە لە لایەکەوە زمان، جەستەی پیکهێنانی بیرەو ئامرازی بیرکردنەوەیە، واتە ئەرکێکی تێگەشتنی هەیە، لەلایەکی تریشەوە زمان ئامرازی گەیاندنەو گواستنەوەی ناوەڕۆکی ئاگاییە، واتە ئەرکێکی گەیاندنیی هەیە(Сухих, 2001: 24) . بۆ باشتر شیکردنەوەو لێکدانەوەی شێوازو پێکهاتەکانی شێوازگەریی، پێویستە باس لە زمان بکرێت وەک کەرەستەیەکی هاوبەشی زانستی زمان و ژانەرەکانی ئەدەب، بەتایبەتیی توێژینەوەکە تیشکی خستوەتە سەر ئەو زمانەی، کە لە شیعردا بەکاردەبرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە شێوازگەرە ڕوسەکان بەیەکەم کەس دادەنرێن، کە هەوڵیانداوە ئەدەب بخەنە پاڵ زانستی زمان و گرنگترین کاریان پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب بو، چونکە پێیانوابو ئەدەب سیستمێکی پاشکۆییەو ئەگەر نەخرێتە پاڵ سیستمی زمانەوە، ئەوا ناتوانێت بەتەنها کارەکانی ئەنجام بدات، چونکە زمان ئەو کەرەستە هاوبەشەی نێوان دو بازنەی یەکتربڕە. لە زانستی زماندا، زمان خۆی بابەتی زانستەکەیەو لە ئەدەبیشدا زمان کەرەستە خاوەکەیەتی، بڕوانە هێڵکاریی (١):




(زمان، کەرەستەی هاوبەشی نێوان زمانەوانی و ئەدەب)(**پەخشان عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٤٥**).

هێڵکاریی (١)

لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا، مەبەست ئەوەیە زمان هەم لە زمانەوانییدا بەو پێیەی بابەتی سەرەکیی زانستەکەیە، هەم لە بواری ئەدەبیشدا وەک کەرەستەیەکی خاو بەشدارە، هەر بۆیە ئامرازی شیعر زمانە، لە کاتی بەکارهێنانی زمان لە کارە ئەدەبییەکاندا بەتایبەتیی شیعر، سیستمێکی هێماییەو خاوەن چەند ئەرکێکی سەربەخۆیە. هەربۆیە تێگەیشتن لە کارێکی ئەدەبیی پەیوەستە بە تێگەیشتن لە زمانەکەی، بۆیە دەبێت

ئەوەش بزانین، کە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، چونکە ئەدەب لە پێشکەوتنی زماندا کاریگەریی هەیە.

## 1-1) زمانی شیعریی:

ئەو زمانەی کە هەر لەسەرەتای پەیدابونییەوە بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورِا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بەکارهاتوە، زمانی ئاسایی پێدەوترێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا تەنها بۆ گەیاندنی بیرەو وەکو کۆد کاردەکات، هەروەها لەنێوان بیرو زماندا پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە، هەمو ئاخێوەرێک بەرانبەر بنیاتە زمانییەکەی خۆی بیردەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمان دەگۆڕێت بۆ ڕەمز(مەریوان حمەکریم احمد،٢٠٢٢:٤٨).

ڕۆمان جاکۆبسن (R. Jacobson) دەڵێت: ((شیعر زمانە لە ئەرکی جوانیناسیدا.)) ( **Левинтон, 2017: 65)**، واتە زمانی شیعریی جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونکە سروشتێکی تایبەتی وەردەگرێت، بەوەی لە یاسا و ڕێساکانی زمانی ئاسایی لادەدات و لە ڕێگاکانی دەربڕینی باوی زمان دوردەکەوێتەوە، هەروەها زمان باشترین کەرەستەی دەربڕینە بەلای مرۆڤەوە، بەتایبەتی لای شاعیران و ڕۆشنبیران، شیعریش لەبەر ئەوەی زیاتر بۆ هەست و سۆزی ناخی پەیام وەرگرەکەی دادەڕێژرێت و دەنوسرێت، زیاتر لە ڕێی جۆرە زمانێکی هەستدەربڕی واتادارەوە کاریگەریی خۆی دەنوێنێت، هەروەها زمان بۆ شیعر کرۆک و ناخە، بۆیە لە فۆڕمی شیعرییدا زمان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. هەربۆیە زمان لەڕوانگەی ئەدەبییەوە وەک کەرەستەی ڕازاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لێیدەڕوانرێت، بەڵام لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، زمان هۆکاری لەیەکترگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە(عادل گەرمیانیی، ٢٠١٣:١). هەربۆیە پەیوەندی شیعر بەوشەوە پێویستەو لایەنی هاوبەشی نێوان زمان و هونەر نیشاندەدات(مەریوان حمەکریم احمد،٢٠٢٢: ٤٩)، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەوەی، کە شاعیر زمان بەشێوەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنێت تا بتوانێت واتایەکی نوێ و جیا لەواتا ئاساییەکەی بگەیەنێت بە خوێنەر، نهێنی و خاسیەتی زمانی شیعریی لەوەدایە، کە جیهانێکی وا بخوڵقێنێت زمانی ئاسایی نەتوانێت پێیبگات، چونکە جیهانی شیعر بێسنورە، هەربۆیە بە کەرەستەیەکی سنوردار ناتوانین گوزارشت لە دنیایەکی بێسنور بکەین، کەواتە شاعیر مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ زماندا دەکات، بە بەکارهێنانی خوازەی زمانی و لادان لە ڕێساو یاساکانی زمان و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی(پەخشان عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٧٩).

کەواتە زمان تەوەرێکی سەرەکییە لە بنیاتی شیعردا، ڕەگەزێکی سەرەکی ڕوخساری شیعریی پێکدەهێنێت، کە زمان لە شیعردا ڕویەکی تایبەت وەردەگرێت، ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوازە گشتییەکەی

بۆ شێوازێکی تایبەتیی، ئەمەش لەڕێگەی بینین و بەهرەیەکی تایبەتیی خۆیەوە ڕێکی دەخات بۆ بنیاتنانی باشترین بەرهەمی ئەدەبیی، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە شاعیر لە میانەی زمانی شیعرییەوە دەنگی تایبەت بەخۆی پەیدا دەکات، ئەزمونی شیعرییش هەر لەو ڕێگەیەوە نەشونما دەکات، زمانی شیعریی لەنێوان ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعردا لەگەڵ (ئاواز، وێنە، بابەت)دا، جۆرە سیمایەکی تایبەت بە دەق دەبەخشێ و شیعرییەت پێکدەهێنێت. چونکە جۆرە لادانێک لە زمانی ئاساییدا دروستدەکات پەیوەستبونی خۆی لەڕێگەی وێنەوە دەرەخسێنێت. بە تێکەڵبون و هەماهەنگی لەنێوان بنیاتی ناوەوەو دەرەوەی دەق ئەرکی شیعرییەت بەرجەستە دەبێت(ئازاد عبالواحید کریم، مهدی فاتح عمر، ٢٠٠٨: ١١). ئەمەش بەتەواوی ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە زمان لایەنێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە شێوازی ئەدەبییدا، چونکە زمان و مۆسیقاو وێنەی هونەریی، سێ بناغەی بنەڕەتیی شێوازی ئەدەبین، هەربۆیە زمانی شیعریی بوەتە کەرەستەیەکی لەبار بۆ توێژینەوەی واتایی لەنێوان هەردو بواری زمانەوانی و ئەدەبیاتدا، چونکە زمانی شیعریی دەچێتە خانەی زمانی باڵاوە (میتازمان)، کە جیاوازە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین، گرنگترین لایەنی ئەدەبی، کە شاعیران کاری لەسەر دەکەن، چێژ بە خوێنەر دەبەخشن، ئەمەش بێگومان لەڕێگەی زمانەوە دەکرێت، چونکە زمان دەتوانێت ڕایەڵەیەک دروستبکات لەنێوان دەق و هەستەکانی خوێنەردا، سەرکەوتنی دەقیش پەیوەستە بە شێوازی مامەڵەکردنی زمانی نوسینی دەقەکە، زمانی شیعریی یەکێکە لەو کەرەستە داهێنانکاری و ئیستاتیکیانەی، کە شیعر لە زمانی بازاڕیی و قسەی ئاسایی جیاوازبێت، هەربۆیە زمانی شیعریی بە سیستمی زمانیی تایبەت لەناو سیستمی زمانیی باودا دادەنرێت، ئەمەش خاڵی بەرجەستەو گرنگی زمانی شیعرییە، کە کاریگەریی لەسەر نامۆکردنی زمانی ئاسایی و بەبەهاو ماناداریی زمانی شیعریی دەردەخات، کە لە ئەنجامی لادانی واتاییدا دێتە کایەوە(سروە طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٥). کەواتە هەرچەندە باری زمان گرانتربێت لە نوسینی دەقی شیعرییدا، لەڕوی بەکارهێنانی لێڵی و تەمومژیی و دەستەواژەی ئیدیۆمی و خوازەیی و لادان لەواتای بنەڕەتی وشەکان، ئەوا باری تێگەیشتن لە چێژی شیعرەکە لای خوێنەر گرانتر دەکات.

بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، زمانی شیعریی دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، نە کات، شوێن، ڕێزمان، یاساکانی واتاسازیی، ڕێنوس، دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو شاعیر بۆی هەیە فەرهەنگی هەمو زمانەکان بەسەرچاوەی فەرهەنگیی خۆی دابنێت و ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، لەبەکارهێنانی وشەکانی زمان لەڕوی واتایی و بەزاندنی یاساکانی زمانەوە، نوسەرانی بوارەکانی تری ئەدەب ڕەنگە نەتوانن بەو ئازادییە ڕەهایە وشەکانی زمان بەکارببەن، هەربۆیە شیعر لە لوتکەی بابەتە ئەدەبییەکان دادەنرێت لەڕوی ئاڵۆزییەوە، زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە (محەمەد

مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٤٠٤)، چونکە ئێمە لەنێو تۆڕێکی تێکتەنراوی (وشەو ڕستە)دا بیردەکەینەوە، لەکاتی ئاخاوتنی ئاساییدا بەشی "خود ئاگایی زمانی"مان هەمیشە کەرەستەی ئامادەکراوی لەبەردەستدایە، کە زیاتر بۆ ئاستی پەیوەندی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن و هێندە بەکارهاتون بەبێ بیرکردنەوە بەکاریان دەهێنین(مەسعود بابای، 2020:١6)، چونکە لە شیعردا مەدلولی وشە بەئەندازەی مەدلولی فەرهەنگیی پێویست نییە، لە شیعردا دەلالەت کردنی وشە لەسەر ئاوێتەبون و ڕیزبەستن و میانە (السیاق_ Context)ەوە بەندە، چونکە زمانی شیعریی تەنها وشە نییە، بەڵکو بەشێکە لەو زمانە و یەک وشە بەچالاکی جفرە دەنوێنێت، پێویستە هێماو ڕەمز جێگەی بگرێتەوە، بۆیە هیچ کات و زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، جگە لە زەمەنی تایبەتیی نەبێت. زمانی شیعریی تازە بەهەمو ڕوداوەکان و مێژوەکاندا تێپەڕیوە، (ئازاد ئەحمەد مەحمود، ٢٠٠٩:١٦٥). بەڵام لەبەر ئەوەی شیعر لەنێو زماندا ڕودەدات و یاسای ڕێزمانی زمان تێکدەشێنێت، هەربۆیە تێکشکاندنی ڕێزمان تەنها گەمەیەکی ڕوت نییە، بەڵکو تێکشکاندنی لۆژیکی سێگۆشەییە، کە لە (کات، شوێن، ڕوداو) پێکهاتوە، چونکە زمان بە دەرچون لە لۆژیکی ژیانی ڕۆژانە، دەخزێتە نێو جیهانی شیعرەوە، بەم هۆیەوە ڕەوانبێژیی دێتە کایەوە، هەربۆیە (خوازە، خواستن، لێکچواندن...) بەرئەنجامی خۆڕاهێنانی زمانن لەنێو لۆژیکدا، چونکە ڕاگواستنی واتا لە کۆتوبەندێکەوە بۆ کۆتوبەندێکی تر، واتا سرکتر دەکات.-

دواجار "زمان" ڕێکخەری سەرەکیی تێکڕای پرۆسەکەیە، چونکە ئاست لەهەمو ژانەرێکدا هەیە، پلەبەندیی ئاستەکانیش دەکرێت لەنێو ژانەرەکاندا هەبێت، کۆمەڵێک نوسەر کە لە ژانەرێکی دیاریکراودا کاردەکەن، دەکرێت هاوئاستبن، بەڵام هاوشێوەنین، چونکە پێکهاتەی زەینیی و زمانییان لەیەکتر ناچێت، ئەمەیە دەبێتەهۆکاری هاتنەکایەی جیهانی ئەدەبیی جۆراوجۆر، کە زمان دەتوانێت بەشێوەیەکی بێسنور شێوازی دەربڕینی هەمەجۆر بێنێتە کایەوە. بۆیە لەو وتەیە نزیک دەبینەوە کە دەڵێت: ((هیچ شتێک نەماوەتەوە بۆ وتن، تەنها شێوەی وتن هەیە)) (مەسعود بابای، ٢٠٢٠: ١٦)، هەربۆیە زمانی شیعریی لە شیعری کلاسیکیی و هاوچەرخدا جیاوازیی هەیە، چونکە لە شیعری کلاسیکییدا لایەنی ڕەوانبێژی ڕەچاودەکرێت، بۆیە شاعیرانی کلاسیک توشی هەندێک گیروگرفتی زمانیی دەبن، لە هەڵبژاردنی وشەی یەک سەرواداا، بەڵام لە شیعری نوێ و هاوچەرخ بە نوێکردنەوەی ڕەوتی شیعریی دادەنرێت، هەروەها لەدایکبونی پەخشانەشیعر بەهەنگاوێکی تازەتری نوێکردنەوەی شیعریی دادەنرێت، بۆیە زمانی شیعریی لێرەدا ئەرکی قورسی ڕەوانبێژیی لەسەر نەماوە، هەربۆیە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە لادانی واتایی، یەکێکە لە خاسیەتە بەرچاوەکانی شیعری هاوچەرخی کوردیی، چونکە لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانە، پەیوەندییەکی بەهێزیان بەگۆڕینی مەبەست و واتاو تێگەیشتنەوە هەیە، داهێنان لە بوارەکانی زمانی شیعرییدا، هەمیشە فاکتەرێکی گرنگی نوێبونەوەی شیعری کوردی بوە(سروە طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٥).

بەپێی ئەو باسەی سەرەوە بەئاسانی ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە زمان ڕێگەی ئەوە دەدات تاک هەست و سۆزو هەڵچونی خۆی لە قاڵبێکدا دابڕێژێت، زمانێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، لە یاساو ڕێساکانی زمان لابدات، کە باشتر وایە بە داهێنان ناوی ببەین، کە داهێنان بەرهەمی ئارەزوی مرۆڤە بۆ دەرخستنی خود، هەربۆیە ئەگەر شاعیر بە داهێنەر ناوببەین، دەبێت جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، کە لە ڕێگەیەوە بناسرێتەوەو سەربەستییەکی وای هەبێت تا بتوانێت کارە هونەرییەکەی دروستبکات، چونکە زمانی ئاسایی ناتوانێ هەمو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوە دەربخات، ئەوەش لەڕێگەی دەربڕینی کەم بەکارهاتو و نامۆوە دەکرێت، کەواتە زمانی شیعریی زمانێکی دروستکراوەو داهێنانە(عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٧). بۆئەوەی لە ڕەسەنایەتییەوە بگەینە داهێنان لە زمانی شیعریدا، دەبێت زۆر بەوردی هەڵەی ڕێزمانیی و واتایی لە لادان و بەزاندنی یاسا زمانەوانییەکان جیابکەینەوە، بۆیە دەکرێت بزانیین ""لادان"" و""بەزاندن"" بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێت، چونکە شاعیر چاک ئاگادارە بۆچی دەیکات، هەرچی هەڵەی ڕێزمانی و واتایی ئاساییە، شاعیر لێی بە ئاگانییەو بەمەبەست نەیکردوەو هیچ گرنگییەک نادات بە شیعرەکە، کەواتە هێڵێکی زۆر باریک ""هەڵەی زمانیی"" لە ""داهێنان"" جیادەکاتەوە(محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٤٠٤)، چونکە داهێنان تایبەتمەندییەکی زمانەو لە زمانی شیعرییدا زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە داهێنانێکی پێکهاتەیی دەرونی تاکە کەسییەو هەست و سۆزی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، شاعیر بۆ مەبەستی دەربڕین و بارگاوی کردنی واتا، گەورەترین توانست بەکاردەهێنێت، لە ڕێگای زمانەوە نیگا (ئیحاء) لە واتا و دەلالەت دەکات(ئازاد ئەحمەد مەحمود، ٢٠٠٩: ١٦٨).

زمان بنەمایەکی زیندوی شیعرە، چونکە ئەوەی کارگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستەکانی مرۆڤ دەبێت زمانی بەکاربراوی دەقەکەیە، هەربۆیە کاتێک زمانی شیعریی تێکەڵی خەیاڵی پڕ لە ئەندێشەی بیرو خەونەکان دەبێتەوە، ئەوا ئەو دنیابینییە جوانەمان دەداتێ، کە لە ڕێگای هەستەوە پێمان دەگات و دەقە شیعرییەکە دەکاتە خۆراکێکی ڕۆحی بۆ ژیان(جەمال نوری، ٢٠١٩: ١). توێژینەوەکە (شێرکۆ بێکەس) دەکات بە نمونەی بەکاربردنی زمانی باڵای شیعریی و داهێنان لە دەقی شیعرییدا، چونکە یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە خاوەنی ئەزمونێکی دورو درێژی پڕ لە داهێنان و نوێبونەوەیە، دەنگێکە لەگەڵ هاوارەکانی ژیان و شەپۆلەکانی تەریب دەڕوات، هیچ شتێک نەماوە قسەی لەسەر نەکردبێت، توانایەکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵ وشەو زماندا هەیە، لە بەکارهێنانی ستایلی جۆراوجۆرو جیاوازی وەکو (پۆستەرە شیعرو شعری شانۆیی و چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعرو....)، شێرکۆ شیعر دەکات بە ماڵ و زمانی شیعرییش دەکات بە زمانی خۆی(سروە طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٥)، هەروەها تەمەنی شیعریی شێرکۆ بێکەس گەلێک درێژە، لەو ماوە درێژەدا گۆڕانی گرنگی بەسەردا هاتوە، گەمە لەگەڵ وشەداکردن، یاخییبون لە لۆژیکی زمان، پساندنی

پەیوەندیی نێوان هۆکارو ئەنجام، کۆکردنەوەی دژەکان، داهێنانی ڕستەی نائاسایی و دەربڕینی نامۆ، هەمو ئەوانە لە شیعرەکانیدا هەستیان پێدەکرێت(حەمەسەعید حەسەن، ٢٠١١: ٤). شاعیر سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ دیلکرنی زمان لە لۆژیکی ئاوەزگەرییەکی پەتیدا، ناتوانێت بە تەواوی پێش بە تەنینەوەی مانا بگرێت (مەسعود بابایی، ٢٠٢٠:١٦)، چونکە شیعر بە پلەی یەکەم زمانە، هەر بەهۆی زمانەکەیشییەوە چێژ لە جوانییەکانی تریشی وەردەگیرێت، بەرهەمهێنانی زمانی شیعریی یەکەم ئەرکی شاعیرە، شاعیر دەتوانێت لەو زمانەی هەموان پێیی دەدوێن، زمانێکی شیعریی وا بخوڵێنێت، کە ئەفسونی لێدەتکێت و لەناخەوە دەمانهەژێنێت، زمانی شیعریی لە زمانی گیانداریک دەچێت لە مرۆڤ بالاتر، زمانێکە دەڵێیت لە ئاسمانەوە دێت و زمانی فریشتەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعر جەوهەرو تواناکانی لەزمان وەردەگرێت و بۆیەش زمان لە شیعردا شیعرییەتە، هەروەها زمانی شیعریی نواندنی بنیاتێکی ئەرکییەو تێگەیشتنی ڕەگەزەکانی لەناو سیستمەکەدایە. (عەبدولقادر حەمە ئەمین، ٢٠١٤: ١٠).

## 2-1) لادانی شیعریی:

لادان چەمکێکی فرە ڕەهەندە، بەو مانایەی لە سنورو بوارەکانی تری ژیان، بە واتاو مەبەستی تایبەت و دیاریکراو بەکارهێنراوە، لێرەدا چەمکی لادان لە بواری ئەدەبدا بەگشتیی و لە شیعردا بەتایبەتیی، مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، کە هەڵگری هەندێک سیما و تایبەتمەندییەو جیایە لە بوارەکانی تر، چونکە لادان لێرەدا پەیوەندی بە زمان و پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبییەوە هەیە، هەروەها کاتێک نوسەر چەمکی لادان لەچوارچێوەی دەقێکی ئەدەبییدا بەرجەستە دەکات و خوێنەریش هەر لەسەر ئەو دەقە بڕیار لەسەر جۆرو چۆنێتی لادانەکانی ئەونوسەرە دەدات؛ بۆیە دیاریکردنی چەمکەکەی بەگشتیی و لەبواری ئەدەبیش بەتایبەتی، کارێکی تاڕادەیەک دژوارو قورسە؛ چونکە زمانی ئەدەب_ شیعر بەتایبەتی_ زمانێکی چڕو سروش بەخشە لەچاو ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە، لادانیش لەم زمانەدا، ئەدگارێکی سەرەکییە بۆ دەقی شیعریی، هەر لەم سۆنگەیەوە هیچ شیعرێک نییە خاڵیبێت لە لادان. بۆیە هەمو ئەو ئەدگارو پێکهاتانەی شیعر لە دەربڕینێکی ئاسایی و جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩).

کەواتە لادان تایبەتمەندییەکی زمانی شیعرییە، کە هەستی مرۆڤ دەوروژێنێت، چونکە لادان لە واتای بنەڕەتیی وشە، بریتیی دەبێت لە باری نائاسایی بەکارهێنانی واتا، چونکە ئەو جیهانە تایبەتییەی شیعر هەیەتی لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت، بۆیە زمانی شیعریی کێڵگەیەکی بەپیتی ئەم جۆرە لادانەیە(عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٦)، چونکە زۆربەی ئەو کاریگەری و چێژو ئیستاتیکایەی شاعیریش بەرجەستەیان دەکات بۆ شیعرەکەی و بەدوایاندا دەگەڕێت بەڕێگەی لادان و دەرچون لە یاساو دەستورە

باوەکان بەدی دێت، بۆیە شیعر سیستمێکە لە لادان، بەڵام مەرج نییە هەمو لادان و دەرچونێک لە یاساو کۆتوبەندە باوەکان، لادانێکی هونەریی بەرهەم بێنێت، چونکە لادانی هونەریی ئەوەیە، کە خوێنەر واتای نوێی تێدا بەدی بکات. خالیزێف (Khalizev) دو زاراوەی (نیشانە = دال) و (واتا = مەدلول) لەبەرامبەر هەردو وشەی (وێنە/ ناو)و (وێناکراو/ ناولێنراو)دا بەکاردەهێنێت و ئەوە دیاری دەکات، کە یەکهەم هۆکاری دروستبونی دوهەمە (Хализев, 2004: 102). لەبەرئەوەی زمان کەرەستەی نوسینی دەقە، هەربۆیە هەمو جۆرەکانی لادان لەڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام تیشکی توێژینەوەکە لەسەر لادانی واتاییە، چونکە هەمو ئەو لادانانە لەخۆدەگرێت، کە لەسەر بنەمای پچڕاندنی پەیوەندی لەنێوان (ناو ناولێنراو)دا دروست دەبن، هەربۆیە زۆرجار لادانی واتایی گیروگرفتی تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە، پێویست بە وردبونەوەو قوڵبونەوەی زۆر ورد دەکات بۆ کردنەوەی گرێ واتاییەکانی شیعرەکە(سروه طاهر علی، ٢٠٢٠: ١٢٩)، هەربۆیە یەکێک لەتایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی شیعری نوێی کوردی مامەڵەکردن بوە لەگەڵ ئەو لادانە فەرهەنگییانەی، کە خەڵکی لە زمانی ڕۆژانەیاندا بەکاریانهێناون(حمە نوری عمر کاکی، شەیدا ڕەشید، ٢٠١٩: ٢٢٩).

شاعیران داهێنەری یاساکانی زمان نین، تەنانەت پێش لەدایکبونی ئەوانیش یاساکانی زمان هەر هەبون، بۆیە شاعیرانیش وەک هەر ئاخێوەرێکی زمان لەڕێگەی پرۆسەی زمانپژانەوە زمانی وەرگرتوەو توانست و توانای زمانییان لەگەڵ ئاخێوەری زمانەکەی خۆیدا وەکو یەکن، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، کە شاعیران زمان بۆ دەربڕینی هەستە شیعرییەکانیان بەکاردەهێننەوەو پێڕەوی ئەو یاساو ڕێسایانەش دەکەن، کە ڕێزمان و سینتاکسی زمانەکەی قبوڵیەتی. واتە ئەوانیش زانیارییە سینتاکسییەکان جێبەجێ دەکەن، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەن، ئەگەر لادان لە سینتاکس و واتای زمانە شیعرییەکەیشدا بکات، ئەوا لەسەر بنەمای سینتاکسی دروست و واتایی ئەنجامی دەدات. واتە کاتێک دەزانرێت شاعیر لادانی لە سینتاکس و واتادا کاردوە، کە ڕێگەی ڕاستی بەکارهێنانەکە بزانرێت. ئەگەرچی شاعیر چەند لادانی زمانیی ئەنجام بدات، هێندە لە شیعرییەت نزیک دەبێتەوە(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠ : ١٠١).

## 2- تێڕوانینی میتافۆریی:

لە ڕاستیدا زمانی شیعری بۆ بنیاتی قەسیدە، بەبێ خوازە بارستەیەکی سڕبوە و لە سوڕی گەشەگردن دەوەستێت، بۆیە وێنەی شیعری خوازەکی، بەشێکە لە پێویستی ئەو هێزەی کە شیعر بە ژیان دەبەستێتەوە، کەواتە خوازە، ڕێگەیەکی مەزن و گرنگە، ئاوەزو زەین دەبن بە هاریکاری ئەو ڕێگایە، شاعیر دەتوانێت لە شیعردا ئەو بابەتە جیاوازانە کۆبکاتەوە، کە پێشتر هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبوە، پرۆسەیەکیشە بۆ

مەبەستی کارتێکردن لە هەڵوێست و هاندان و دەرئەنجامی کارتێکردنی گشت بابەتەکان و پەیوەندی نێوانیان، کە زەین دروستی دەکات، ئەنجام دەدرێت(ئازاد ئەحمەد مەحمود، ٢٠٠٩: ٢٠).

دەقی هونەریی، هونەری دارشتنی زمانە بە جۆرەها شێوە، بۆ مەبەستی جوانکاری دەق و ئاڵۆزبونی واتاکەی بەکاردێت، یەکێک لە هونەرەکان بەکارهێنانی وشەیە بە واتای جیاواز، جگە لەواتا بنەڕەتییەکەی خۆی، بەڵام پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە، ئەمە بە میتافۆڕ ناسراوە، کە دیاردەیەکی بڵاوەو لە زۆربەی شێوە گەیاندنەکانی زمانییدا دەبینرێت وەک، ئاخاوتنی ڕۆژانە، گوتاری ڕۆژنامە، ڕۆمان، شیعر،...، هەر لەم بارەوە تسۆر دەڵێت: ((میتافۆڕ شاجوانی وێنە ڕەوانبێژییەکانە))(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١: ٢٦)، هەر بۆیە خواستن، هونەرێکی گرنگی ڕونبێژییەو بەشێکە لە خوازە(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٦). تاکە جیاوازیی نێوان خوازەو خواستن، جۆربەجۆری پەیوەندی نێوان واتای یەکەم و واتای دوەمی وشەو دەربڕینەکانە، جگە لەم جیاوازییە هەردو بابەتەکە لە بنەڕەتدا یەکن و هیچ شتێک لەیەکتر پچڕپچڕیان ناکات، بەڵام واتای میتافۆڕیی، زۆر لە واتا فەرهەنگییەکەی دور ناکەوێتەوە، تەنها بەهۆی دەرخستنی هەندێک لە سیمای واتایی و یاریکردن بەو سیمایانەوە، واتای میتافۆڕیی دێتەکایەوە، بەمەش زۆر لە واتا بنەڕەتییەکەی دورناکەوێتەوە، چونکە لە خواستن (میتافۆر)دا، دەربڕاوەکان دو واتا دەگەیەنن، واتایەک، کە ڕوکەش و بەرچاوە بۆ خوێنەر، واتای دوەمیش (وەرچەرخانە) واتای ئەدەبییە و بۆ مانایەکی بێکۆتاییەو واتایەکی نوێ و جیاوازو جوانەو خاوەنی بەهایەکی ئێستاتیکییە (**Бертельс, 1935: 295**). بڕوانە نمونەی (١):

1. بەر لوتی خۆی نابینێت.

لە نمونەی (١)دا، ئەوە دەرکەوتوە، کە لەڕوی پێکهاتەی سینتاکسییەوە پێکهاتەی ڕستەیەکی ئاسایی هەیەو لە یاسای ڕێزمانی لای نەداوە، بەڵام ئەوەی واتای میتافۆڕییەکەی دروستکردوە، کۆتوبەندە واتاییەکەی ڕستەکەیە، چونکە دانە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لەڕوی واتاییەوە نیشانە واتاییەکانیان یەکناگرنەوە، چونکە کۆتوبەندە واتاییەکەی ئەو ڕستەیە بۆ کەسێکە، کە (کورتبین بێت، توڕەبێت، لوتبەرزبێت،...)، ئەمەش دورە لە پێکهاتەی واتایی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکەوە، چونکە مەبەستی ڕستەکە بەپێی واتای بنەڕەتیی وشەکان واتا ناگەیەنێت و مەبەستەکە ئەوە نییە، کە کەسێک بەشێوەیەکی فیزیکیی بەرلوتی خۆی نەبینێت، بەڵکو تەواوی ڕستەکە بەیەکەوە بۆ گەیاندنی واتایەکی میتافۆڕییەو بەپێی مەبەستی قسەکەر واتایەکی جیا لەواتا بنەڕەتییەکەی وەرگرتوە، کەواتە هاتنی ئەو فۆڕمانە لەگەڵ یەکتردا لەسیاقی ڕستەیەکدا، بۆ گەیاندنی واتایەکی میتافۆڕیی کەرەستەکانە و وشەکان واتای بنەڕەتییان نەگەیاندوە، بەڵام واتا بنەڕەتییەکەشیان ون نەکردوەو زۆر لێی دورنەکەوتونەتەوە، بۆیە واتایەکی میتافۆڕیی دەگەیەنن.

کەواتە وشەیەکە بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتایەکی تر، کە بەپێی جۆرەکەی واتاکە دەبەخشێ، سەرەڕای بونی نیشانەیەک، کە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی وشەکە واتا بنچینەیەکەی بگەیەنێت(السکاکی، ١٩٨٧: ٣٥٩). میتافۆڕ بەپێی لێکدانەوەی وەرگر واتایەکی لەسەر باردەکرێت، کە مەرج نییە ئەو واتایە لای هەموان دیاریکراوبێت. میتافۆڕ بە ئارەزوی قسەکەر فۆڕم وەردەگرێت و واتاکەشی تاکەکەسییە، واتە خودییە و میتافۆڕ وەک ئەوەیە کە تۆ سەیری دەکەیت، نەک وەک ئەوەی کە خۆی چۆن بێت، دەکرێت واتای جۆراوجۆری هەبێت و لەنێو ئاخێوەراندا واتاکەی شیاوی گۆڕانە(شیلان عومەر حسەین، ٢٠٠٧: ٥٨). هەربۆیە خواستن میکانیزمێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی لادانە واتاییەکان و(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٧٦)، هەروەها بە یەکێک لەو ئامرازانە سەیر دەکرێت، کە بۆ پەیوەندی کردنە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ(**Чудинов, 2001 :19**).

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە میتافۆڕ بەشێکی گرنگی پراگماتیکەو تایبەتمەندییەکی زمانە، یاریکردنە بە سیماواتاییەکان (سازان ڕەزا موعین، ٢٠٠٥: ٤٨). بۆیە دەکرێت بە سێبەری گەیاندنی واتا بناسرێت، ئەو وشەو زاراوانەی بۆ مەبەستی میتافۆڕ بەکاردێن، هەمیشە واتایەکی شاراوەیان لەناخی خۆیاندا حەشارداوە جیاوازە لە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵام لەبنەڕەتدا خاڵێکی لێکچونیی لەنێوان هەردو واتادا بەدیدەکرێت، میتافۆڕ دیاردەیەکی پێوەرییە لەبەکارهێنانی گشتییدا، ئەگەر واتای وشەکە دوربو لە واتای فەرهەنگییەوە، ئەوا پێویستە پەنا ببرێتەبەر دەوروبەری وتنەکە، بۆ دەستکەوتنی واتای مەبەست، ئەمەش پشت بە لێکدانەوەی پراگماتیکیی دەبەستێت، دەبێت ئەو پەیوەندییە بدۆزرێتەوە، کە دەربڕینەکەی دروستکردوەو ناگونجێت لەگەڵ فەرهەنگی مێشکدا، ئەمەش لەڕێگەی چالاککردنی تواناوە دەبێت، کە دەچێتە ئاستی لێکدانەوەی میتافۆڕ.

لێکدانەوەی میتافۆڕ لە ڕێگەی دەروونناسی و درکپێکردنەوە ئەنجامدەدرێت، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچونیی بنیات دەنرێت، واتە خواستن، ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە (الجاحظ، ١٩٩٨: ١٥٣). جا پەیوەندی لێکچونی دەرەکی بێت یان ناوەکی، هەروەها تێڕوانین بۆ تێگەیشتن لە میتافۆڕ لە ئێستادا گۆڕاوە، کە لە زمان و عەقڵدا بەرجەستە دەبێت، ڕونکردنەوەی میتافۆڕ لای نوسەرەکان، تەکنیکی ئاوەزییە، کە ڕێگەدەدرێت بەبەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی، کە بە ئەزمونی کۆمەڵایەتییدا تێپەڕیون. بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەوەی لە میتافۆڕی دەقی هونەریی جیادەکاتەوە، ئەوەیە بەکارهێنانی میتافۆڕ لەقسەکردندا چەندجارێک دوبارە دەبێتەوە، دەبێت بە میتافۆڕێکی باو، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی وەکو دەربڕینێکی جێگیر لە زماندا سەیر بکرێن، بەڵام لە دەقی هونەریدا دوبارەبونەوەی شێوازی میتافۆڕ، بەهای دەقە ئەدەبییەکە لە داهێنان دادەماڵێت. ئەو داهێنانەی لە وێنە هونەرییەکانی ئەدەبیدا بەرجەستەدەبێت، بەشێکی زۆریان لە ڕێگەی دروستکردنی شێوازی میتافۆڕەوە وەک هونەرەکانی ڕەوانبێژی (خواستن، خوازە، درکە)دا دەبینرێت(نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١: ٣٦٧).

بەمپێیە میتافۆڕ چەشنێکە لە واتای ناپیتیی، کە لە قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا بەشداریی دەکات، گواستنەوەی دەستەواژەیە لە زماندا، لە شوێنی بەکارهێنانی بنەڕەتییەوە بۆ مەبەستێکی تر (**العسكرى، ١٩٥٢: ٢٦٨**)، بڕوانە نمونەی (٢):

٢. کچەکە حیلکەی دێت.

وەک لە نمونەی (٢)دا هاتوە، (حیلکە)، کە فۆڕمێکی فەرهەنگییەو خەسڵەتە سیمانتیکییە فەرهەنگییەکەی ئەوەیە، کە مارکەلێدراوە بۆ (ئەسپ)، بەڵام لەم نمونەیەدا دراوەتە پاڵ (مرۆڤ)ە، وە ئاماژیە بۆ دەنگی پێکەنینێکی بەرز، بەمەش ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە فۆڕمەکە بۆ واتای بنەڕەتیی بەکارنەهاتوە، بەڵکو واتای میتافۆڕیی گەیاندوە، چونکە هەروەک ئاماژەمان پێداوە، کە ئەو فۆڕمانەی بۆ واتای میتافۆڕیی بەکاردێن خەسڵەتێکی لێکچون لەنێوان هەردو فۆڕمەکەدا هەیەو واتایەکی ڕونترو وردتر بەدەستەوە دەدەن. هەربۆیە دەبێت ئەوە بزانرێت میتافۆڕ ئەو وشەو دەربڕینانەن، کە بەواتای فەرهەنگییان بەکارنایەن دەبنە ئاماژە بۆ واتاو مەبەستی خوازراو، زمانی میتافۆڕیی ڕێگەدەدات، کە قسەکەر واتایەک، مەبەستێک بە وشەو دەربڕینێک دەرببڕێت، کە واتای فەرهەنگیی نەگەیەنێت.

لەبەرئەوەی میتافۆڕ کەرەستەیەکی ڕەوانبێژییە، کە بەهۆیەوە چەمکێک بەواتایەکیی ڕون و ورد لەنواندنی دەرەکیی فەرهەنگییدا بەکاردەهێنرێت، کە لەڕوی واتاییەوە پەیوەندیدارنییە بەو فۆڕمانەوە، کە لە سیاقی ڕستەکەدا دێن، هەرچەندە پێکهاتەی سینتاکسیان ئاسایی بێت، بەڵام کۆتوبەندی واتاییان دورە لەواتای بنەڕەتیی فۆڕمەکانەوە (**David Ritchie, 2013:5**)، هەربۆیە لە میتافۆڕدا دو کەتیگۆریی لەکاردان، یەکێکیان ئەوەیەکە وشەکەی لێوەرگیراوە، ئەوەی تریان ئەوەیە کە تیایدا بەکارهێنراوە. جگە لەمەش زۆرجار لە میتافۆڕدا مەرجەکانی دروستەی ئارگۆمێنت و هەڵاوێرکرنی سیمانتیکیی پێڕەو ناکرێن، بۆیە میتافۆڕ ڕەگەزی نامۆیی و ڕامانی تێدایە، بڕوانە نمونەی (3):

٣.لەپێم کردوە.


لە نمونەی (٣)دا، ئەگەر بڕوانینە وشەی (لەپێکردن) لەڕوانگەی واتای فەرهەنگییەوە کردارێکە بۆ پۆشینی (پێڵاو) نیشانەی لێدراوە، کەواتە لەنواندنی ناوەکیی فەرهەنگییدا فۆڕمەکە لە کەتیگۆریی (کردار)دا هەڵگیراوە، بەڵام لەنواندنی دەرەکیی فەرهەنگییدا بەپێی جێکەوتەکەی واتایەکی میتافۆڕیی گەیاندوە، چونکە لەڕوی واتاییەوە بەرانبەر بە کەسێک دەوترێت، کە (جێگەی گرنگیپێدان نەبێت)، کەواتە جگە لە گۆڕینی واتاکەی لە واتای بنەڕەتییەوە بۆ واتایەکی میتافۆڕیی، کەتیگۆرییەکەشی گۆڕاوە لە کەتیگۆریی (کردار)ەوە، چوەتەناو کەتیگۆریی (ڕەفتار).

هەربۆیە میتافۆڕ لە نیشانە شاراوەکانی فۆڕمێکی فەرهەنگییە، کە زیاتر بۆ نیشانەکردنی مەوداکانە، چونکە میتافۆڕەکان بۆ نیشانەکردنی نیشانە واتاییەکانی وشەیەک بەکاردێت، کە پلەبەندیی هەبێت، بڕوانە نمونەی (4)، هەروەها میتافۆڕەکان جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانەن، ئەم باسە لە نمونەکانی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە. لە تیۆری سیمانتیکیدا میتافۆڕ بەدیاردەیەکی نائاسایی دادەنرێت، کە پێویستە پشتگوێبخرێت، چونکە ناچێتە ژێرباری یاسا تایبەتییەکانی ڕێزمانەوە، واتە لە بەکارهێناندا واتاکەی ڕوندەبێتەوەو واتای پێدەردەبڕدرێت. لە ڕاستییدا بەهۆی مەودا فراوانیی و گشتێتی لە نواندنی واتای فەرهەنگیی پۆلەڕەگەزەکاندا وادەکات، ئاخێوەری زمانێک نیشانەی واتایی فۆڕمێکی تر بۆ نیشانەکردن بەکاربهێنێت، بۆ نمونە لە /کۆمپیوتەر/ واتای (ژیریی و خێرایی و وردیی) و–لە /تەیارە/ واتای (خێرایی و زوگەیشتن) و لە / شێر/ (ئازایەتیی) و لە /گوڵ/ واتای (جوانی و بۆنخۆشی و پاکی) بەدەست دێن، ئەو نیشانە واتاییانەی لەنواندنی واتایی وشەکاندا بەدەستهاتون، لە نواندنی فۆڕمیی و واتایی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکەیاندا بەدیناکرێن، بڕوانە هێڵکاریی(٢):–

4. أ. کۆمپیتەرەکەی پۆل ئەم ساڵ یەکەمبو.

ب. وەک تەیارە هاتەوە.

ت.شێرەکان لەسەنگەردان.




هێڵکاریی (2)

هێڵکاریی (2) بۆ نیشانەکردنی ئەو گشتێتیی و پلەدارییەیە، کە لەئاوەڵناوەکاندا هەن، بەڵام گەر سەرنجی بدرێت، مەودای نێوان ئاوڵناوە فەرهەنگییەکان بە ناوی فەرهەنگیی پڕدەکرێنەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی میتافۆڕ پرۆسەی بەکارهێنانەوەی فۆڕمی فەرهەنگییە بۆ نواندنی واتایی، بۆیە دەبێتە جێگرەوەی یاسا

مۆرفۆلۆژییەکان، کە ئەوان بە دارِشتنی فۆرمی نویَ واتای نویَ بەرهەمدیَنن. واتە بۆ نمونە لەبری ئەوەی بۆ یەکیَک لە پلەکانی (زیرەکیی)، (ئازایی)، (خیَرایی) فۆرم دابریَژریَت، /کۆمپیوتەر/، /شیَر/، /تەیارە/، /گوللە/ بەکاردەهیَنریَتەوە. فۆرمەکانی ناو فەرهەنگ بۆ چەمک و بیرکردنەوەی پیَش-فەرهەنگیی و بۆ نیشانەیەکی واتایی وشەیەکی گشتیی ناو فەرهەنگ دادەریَژریَن، بۆیە میتافۆر لەو جۆرانەیە، کە بۆ نیشانەی واتایی وشەیەکی فەرهەنگیی دادەریَژریَت و لە هەناوی ئەوانەوە دیَتە دەرەوە. هەندیَک میتافۆر دەتوانیَت بچیَتە ناو بەشە تایبەتییەکانی ڕستەوە، لە ڕاستییدا میتافۆر لەو جۆرە تەرزەی زمانە، کە ئاخیَوەری زمان و بەتایبەتیش شاعیران توانای داهیَنانیان تیَیدا هەیە، کە لە ئەنجامی بلاوبونەوەی دەقیَک و زۆر بەکارهیَنانی بلاودەبیَتەوەو وەک هەر واتایەکی تری فەرهەنگیی لای ئەخیَوەرانی زمان دەناسریَتەوە(بژوێن یحیی محەمەد، ٢٠21: 217). هەربۆیە زمان لە سروشتی خۆیدا میتافۆرەو زمانی شیعریش ئەرکیَکی گرنگ دەبینیَت و ویَنا شیعرییەکە لەو دەربرِین و بەکارهیَنانە ڕزگاردەکات. (ئازاد ئەحمەد،٢٠٢٠: ٣)، دەبیَ لە بەکارهیَنانی وشەکاندا سود لە نیشانەی واتاییان وەربگرین، کە هەریەکیَکیان وەکو کۆدیَک دادەنریَن، هەر وشەیەکیش کۆمەلَیَک کۆدی هەیە، بە بەزاندنی یەکیَک لەو کۆدانە میتافۆر دروست دەبیَت. بڕوانە نمونەی (5):-

5. لەوەڕەکەی باشە.

لە نمونەی (5)دا، وشەکان بە واتای خوازراو بەکارهاتون، خۆیان لە بنەڕەتدا لیَکسیَمن و سەربە کەتیگۆری فەرهەنگیین، بەلاَم لیَرەدا واتای میتافۆرییان وەرگرتوەو واتای بنەڕەتییان لە دەستداوە، چونکە فۆرمی (لەوەڕ) فۆرمیَکی فەرهەنگییەو بەرانبەر بە واتایەک هەلَگیراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو جیَگەیەی ئاژەلَ خواردنی تیَدا دەستدەکەویَت، بەلاَم لەو ڕستەیەی سەرەوەدا بۆ گەیاندنی واتای فەرهەنگیی بەکارنەهاتوە، بەلَکو وەکو توانجیَکە ڕوبەڕوی ئەو کەسانە دەوتریَت، کە جەستەیەکی قەلَەویان هەیە، ئەمەش هیچ پەیوەندی بە واتای فەرهەنگیی وشەکانەوە نییە، بەلاَم لەهەمان کاتدا وەکو ئاماژەی پیَکرا هەر نیشانەیەکی لیَکچون بونی هەیە لەنیَوان واتا فەرهەنگیی و واتا بنەڕەتییەکەدا، ئەوەی مەبەستە لیَرەدا بوتریَت ئەوەیە، کە لە ئاستی واتای خوازراودا ڕوداوی فیزیکی نامیَنیَت و هەلَسوکەوتی کارەکە هەر بە واتا ڕودەدات، واتە ڕوداوی واتایی دەچیَتە جیَی ڕوداوی فیزیکی، بۆیە دەوتریَت میتافۆر ڕۆلَیَکی گرنگ لە دەولَەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا دەبینیَت.

بەگشتیی ئەوەی لە میتافۆردا ڕودەدات ئەوەیە، کە نیشانەیەکی واتایی دیَتە سەرەوەو پیَش نیشانەیەکی واتایی دیکە دەکەویَت، لە ئەنجامدا بەزاندنی یاساکان ڕودەدات، بۆ ئەوەی بتوانین بە واتای دروست بگەین، واتا لەوە تیَبگەین بە مەبەست لادانی واتایی ڕویداوەو هەلَەی ڕیَزمانیی نیە، دەبیَت بەدوای نیشانەی

هاوبەشدا بگەڕێین، بە مەبەستی بەهادارکردنی. خواستن گۆڕینێکی ڕوتی واتا نییە، بەڵکو گۆڕینی سروشتی واتایە، گواستنەوەی واتای زەینییە بۆ واتای هەڵچونی، پەڕینەوەیەکە لە زمانی ئاماژەییەوە بۆ زمانی سروشبەخشیی، میتافۆڕ سیمایەکە لە سیماکانی شێوازی مەعریفی، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ گواستنەوەی بنیاتی ئاوەزیی بەتایبەتی لەکاتی نەخشەڕێژی و نواندنی بیرێک، شاعیرەکان خاوەنی کۆزانیارین، بەردەوام ئاگاداری ئەم سیستەمەن. هەندێک تێڕوانیین پێیان وایە میتافۆڕ زادەی ئەندێشەی شاعیرو زەغرەفەیەکی ڕەوانبێژییە، ئامرازێکە تەنها لە زمانی نائاساییدا دەبینرێت، هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ ئەفسانەکانی دروست کرد زمانی پڕکرد لە خواستن (میتافۆر)(**Потебня, 1990:304**)، بەڵام لە ڕاستییدا میتافۆڕ تایبەتمەندییەکی زمانەو پەیوەندی تەواوی بە واتای وشەوە هەیە، چونکە هەر بە بەڵگەی زمانییدا ئەوە دەردەکەوێت، کە پێڕەوی بیری ئاسایی میتافۆڕییانەیەو ئەمەش سەرەتای ناسینەوەی ئەو میتافۆڕانەیە کە ڕۆنانی بیرکردنەوەو کارکردن و پەیبردن بە دەوروبەر دیاریی دەکەن.

هونەری خواستن بەرهەمی بیری ئەندێشەی فراوانی مرۆڤەو بە بەراود لەگەڵ لێکچواندندا قۆناغێکی پێشکەوتوتری ئادەمیزادە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمان و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە دەبینێت، ئەمەش دەیکاتە پێویستییەکی داهێنانی شیعریی، چونکە قەشەنگترین دیمەنەکانی وێنەگرتنی هونەرییە(فەرهاد قادر کەریم، ٢٠١٢: ٢٠٢)، هەروەها هونەرێکی ڕەوانبێژییە، چونکە جوانی شیعر لە جوانی خواستندایە (سەردار ئەحمەد حەسەن، ٢٠٠٣: ٢٣٧)، لەبەر ئەوەی وێنەی شیعریی پێکدەهێنێت و لقێکە لە خوازەی زمانی، خواستن بریتییە لە هەڵبژاردنی هێمایەک، بەپێی لێکچونی واتایی لە شوێنی هێمایەکی تر لەسەر تەوەرەی ستونی. خواستن گۆڕینەوەی وشەیەکی سواو باوە بە وشەیەکی تر، یان هێنانی وشەیەکە دو واتای هەبێت، یەکێکیان واتای فەرهەنگیی و ئەوی تر واتایەکە لە دەوروبەری سینتاکسییدا، هەروەک لەسەرەوە ئاماژە بەوەکرا، کە ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئەوەی دو کەتیگۆریی لەکاردابن، واتە فۆڕمەکە بەواتا بنەڕەتییەکەوە لە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییدایەو بەهۆی واتانوێیەکەوە لە دەوروبەری سینتاکسییدا دەچێتە کەتیگۆرییەکی ترەوە، بەڵام لە خواستندا دەبێت پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت، پەیوەندییەکەش لە نێوان ئەم دو واتایە دەبێت لێکچواندن بێت، چونکە ئەگەر پەیوەندییەکە لێکچواندن بێت، ئەوا دەبێتە (خواستن)، ئەگەرنا دەبێتە (خوازە)، کە گواستنەوەی واتایە لە واتای باوەوە بۆ واتایەکی نوێ(عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٥: ٨٦). ئیرینا ئارنۆڵد (Arnold) دەڵێت: ((خواستن بەزۆری بە بەراوردێکی شاراوە پێناسە دەکرێ، کە جێبەجێکردنی ناوی شتێکە بۆ شتێکی تر. بەو شێوەیە هەندێک تایبەتمەندی گرنگی دوەمیان ئاشکرادەبێت.)) (**Арнольд, 2002: 124**)کەواتە هەروەک لێکچواندن وایە، بەڵام زیاتر جیاوازییان لەوەدایە، یەکێک لەبنەماکانی لێکچواندنی تێدانییەو شاراوەتەوە، جا بۆئەوەی بزانین لێکچواندنە، پێویستە نیشانەیەک هەبێت، کە جەخت لەسەر واتا

خواستراوەکە بکاتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین: خواستن، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک نەک بە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵکو بەواتا مەبەستەکەی، واتە ئەو واتایەی مەبەستمانە، هەربۆیە پێویستە نیشانەیەک ئەوە دەربخات، کە مەبەست لە واتای ڕاستەقینەی وشەکە نییە، بەڵکو مەبەست لە واتا خواستراوەکەیە(ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩: ١٤٥).

## ٣- ڕۆڵی میتافۆڕ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا:

میتافۆڕ ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێت لە پڕکردنەوەی فەرهەنگی زماندا، چونکە فەرهەنگی زمانێک هەرچەندە دەوڵەمەندبێت بە وشە، هێشتا ناتوانێت پێشبینی هەمو ئەو بارە جیاوازانە بکات کە ڕوبەڕوی مێشکی مرۆڤ دەبنەوەو کاریگەریی تەواویش لە زمان دەکەن، بۆ ئەم حاڵەتەش زۆرجار هەوڵدراوە فۆڕمە کۆنەکانی زمانەکە واتای نوێی پێببەخشرێت، واتە بەکارهێنانەوەی فۆڕمەکانی زمانێک بە واتای نوێوە(بژوێن یحیی محەمەد،21٢٠: ٤٩). هەروەها دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە بەهۆی سنورداریی وشەکانی زمانەوە دروستبون، میتافۆڕ بە هۆکارێکی سەرەکیی دادەنرێت بۆ جێگرەوەی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی(ڕۆژان نوری عەبدوڵا،2022: 14)، یەکێک لە گرنگییەکانی میتافۆڕ سەبارەت بەفەرهەنگی زمان ئەوەیە، کە واتای بنەڕەتیی وشەکە لەناو نابات، واتە نەک هەر واتای نوێ دێنێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، بەڵکو سامانە بنەڕەتییەکەش دەپارێزێت، چونکە بۆ لێکدانەوەی واتای میتافۆڕیی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ واتای بنەڕەتیی فۆڕمەکە (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: 12)، یەکێک لەو هۆیانەی گرنگی بە میتافۆڕ دەبەخشێت ئەوەیە، کە مەودای فراوانکردنی دانە فەرهەنگییەکان بەزمان دەبەخشێت، بەجۆرێک بتوانێت هەمو هەست و بۆچون و تێڕوانینێک دەرببڕێت تەنانەت ئەو بیرانەش، کە زمانەکە وشەی بۆ ئامادەنەکردون.


## 4- میتافۆڕ و سیمانتیکی شیعر، شیعری شێرکۆ بێکەس:

گشتێتی زۆرجار لەناو زمانێکدا کردەی تێگەیشتن لەڕێگەی کۆدەکانەوە بەرجەستەناکات، چونکە بۆ نمونە گشتێتی لە زمانێکدا پەیوەندیی هەمەلایەنی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەدەکات، واتە ئاستێکە بۆ ئەوەی هەمومان وەکو کوردێک لە دەربڕاوەکان تێبگەین، تێگەیشتنی کەلتوریی و کۆمەڵایەتییمان هەیە، پێویستە لەڕێگەی فۆڕمداڕشتنی نوێوە بەرجەستە بکرێن، کردەی لەیەکگەیشتن لەڕێگەی فۆڕمداڕشتنەوە بۆ ئەوەیە، کە لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی بڕوات و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، بەتایبەتیی لە تابۆو جوانبەخشیندا. بۆیە دەتوانین بڵێین نیشانەکردن هەنگاونانە لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی، واتە چەمکێک لە گشتێتییەکەیدا زانیارییەک یان ناوەڕۆکێکی فراوانتر دەگەیەنێت لە وشەکانی خوارخۆی، بەو مانایەی مارکەلێدان کردەی تێگەیشتن زیاد دەکات و بنەمای هاریکاریی لەنێوان قسەکەرو

گوێگردا بۆ لێکدانەوەی کۆد دەستەبەردەکات، هەروەها ئەگەر مارکەلێدان نەبێت پەیوەندییەکان لە گشتێتییدا دەمێننەوە. لە چەمکی نیشانەکردندا وادەردەکەوێت، کە واتای میتافۆڕیی ڕاستەوخۆ لە نیشانەکردنەوەدێت، بۆ نمونە /پۆڵا/ بە واتای (بەهێز) دێت، ئەم نیشانەیە واتا میتافۆڕییەکەی وشەکەیە، هەر بۆیە /دڵی پۆڵا، بازوی پۆڵا.../ لەزماندا دروستبوە، بۆ ئەوەی بگەین بەو ڕاستییەی، کە چی وامانلێدەکات هەندێک دەربڕین بە خوازە وەربگرین و هەندێکی تریش بەواتای بنەڕەتیی، نابێت لەژێر کاریگەریی ئەو بیروبۆچونەوە بڕیاربدەین، کە کام کۆتوبەندی ڕێزمانیی شکێنراوەو بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی دەربڕینێک، کە بە سەلیقە دەزانرێت، چونکە دواتر بەئاسان ناگەین بەوەی، کە هەمو بەزاندنی کۆتێکی زمانیی و هەمو شلکردنەوەیەکی یاسا زمانییەکان میتافۆڕ بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو زۆرجار ناوێزەیی دێنێتە ئاراوە، نەک میتافۆڕ، لەبەر ئەمەیە گوێگر دەبێت نیشانەی فۆڕمە میتافۆڕییەکان بدۆزێتەوە، لەگەڵ نیشانەی هەمان فۆڕم لەباری ئاسایی (نامیتافۆڕ)ییدا، بەراوردیان بکات تا بزانێت کام لە نیشانە واتاییەکانی فۆڕمەکە لابراوەو کامەیان تیشکی خراوەتەسەر، چونکە تیشک دەچێتەسەر لایەنێکی واتایی، بەمجۆرە لە کردەی دروستبون و شیکردنەوەی میتافۆڕدا هەردو لایەنی واتایی (سیمانتیک) و (پراگماتیک) بەشدارن، ئەگەر وانەبێت تێگەیشتن لە میتافۆڕ ئاسان نابێت (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠: 101).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەزمونی شیعریی شێرکۆ بێکەس لە بەکارهێنان و بەرەوپێشچونی زمانی شیعرییەکەیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی شیعرییەکەی لە فەرهەنگ و ستاتیکە هونەرییەکان پێکهاتوە، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندییەک دەدات بە شاعیر، زمانی شیعریی شێرکۆ بێکەس ئەو ئەزمونە شیعرییەیە، کە لەمیانەیەوە ئەزمونی شیعریی لا بەرجەستەبوە، چونکە شیعر لە ئەزمونی شیعریی تاکە کەسیی شاعیرەوە دروست دەبێت، بەو مانایەی کە ئەزمونی شیعریی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەداهێنانی کەسایەتیی شاعیرەوە هەیە، کە بەها تەکنیکییەکانی شیعری تێدا بەرجەستە دەبێت. شاعیری بەتوانا وشە تەنها بەو واتایە بەکارناهێنێت، کە لە فەرهەنگدا هەیەتی، بەڵکو وزەو واتای نوێی پێدەبەخشێت، چونکە زمانی شیعریی زمانێکی جێگیرنییە و لەناخی هەمو شاعیرێکدا زمانزانێکی داهێنەر هەیە، هەربۆیە توانای دەربڕینی داهێنەرانەی هەیە، لێرەدا تیشکی توێژینەوەکە لەسەر زمانیی شیعریی شێرکۆ بێکەسە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە تەمەنی شیعری شێرکۆ بێکەس گەلێک درێژەو لەو ماوە درێژەدا زمانە شیعرییەکەی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە، ئەو زمانەی (تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، کاوەی ئاسنگەر)ی پێنوسیوە، جیاوازە لەو زمانەی بەسەر بەشێک لە شیعرەکانی وەکو: (من تینوێتیم بەگڕ دەشکێ)دا زاڵە. لە لای شێرکۆ سروشت و خۆشەویستی نیشتیمان وڵاتی شیعری شێرکۆی داگیرکردوە، بۆیە خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی پڕ لە وشەی جوانە، شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی هونەریی لەڕێگەی

زمانی شیعرییەوە هانا بۆ بەکارهێنانی واتای میتافۆڕیی وشەکان دەبات و لە (دەربەندی پەپولە)دا زمانێکی بالای پڕ لە میتافۆڕی بەکارهێناوە، بڕوانە هێڵکاریی (3):




هێڵکاریی (3)

ئەوەی لێرەدا توێژینەوەکە دەیخاتەڕو، بەکارهێنانی وشەکانی زمانە بۆ چەندین مەبەست و واتای جیاواز، واتە توانای شاعیر گەیشتوەتە ئاستێک، کە توانیویەتی لە چوارچێوەی یەک دیواندا یەک فۆرم بۆ چەند واتایەکی میتافۆڕیی بەکارببات، بەڵام لەبەر پاراستنی سنوری توێژینەوەکە، دەبێت سەرەتا وشەکە لە ڕوانگە زمانەوانییەکەوە، واتا نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکانی وشەکە بخەینەڕو، دواتر دەتوانین تیشک بخەینە سەر واتا میتافۆڕییەکانی لە دەربەندی پەپولەدا، بۆ نمونە فۆڕمەکانی (شیعر، هۆنراوە، قەسیدە، هەڵبەست)، کە لە تەواوی دیوانەکەیدا شاعیر توانیویەنتی زۆرترین جار بەکاریان بهێنێتەوە بۆ چەندین واتای میتافۆڕیی جیاواز، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت لە زماندا ئەو فۆڕمانە لە واتای فەرهەنگییاندا بەرامبەر بەو دەربڕاوانە بەکار دەهێنرێن، کە کێش و سەروایان هەیەو ئاوێتەی هەست و سۆز و وێنەی هونەریی بالان و بە زمانێکی تایبەت نوسراونەتەوە، بۆ زانینی واتای میتافۆڕیی ئەو فۆڕمانە لای شێرکۆ بێکەس، بڕوانە نمونەی (7):


7. /شیعر/

چەمکی /شیعر/ یەکێکە لەو چەمکە باوانەی، کە شاعیر زۆرترین جار لە دیوانەکەیدا بەکاری هێناوەتەوەو توانیویەتیی چەندین واتای میتافۆڕیی لێبەرهەم بهێنێت، لە زۆربەی جارەکاندا چەمکی شیعر بە مرۆڤ کراوەو سیفەتەکانی مرۆڤی دراوەتەپاڵ، هەندێک جاریش بە ڕوەک کراوەو سیفەتەکانی ڕوەک دراوەتە پاڵ چەمکی شیعرو واتای میتافۆڕیی لێبەرهەم هاتوە، ئەمەش پەیوەستە بە سەلیقەی شاعیرو توانای بەکارهێنانەوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکان بۆ واتای میتافۆڕیی، چەند نمونەیەک هێنراونەتەوە بۆ ڕونکردنەوەو هەروەها هەوڵدراوە تەواوی بەکارهێنانەوە میتافۆڕییەکانی چەمکی شیعر لە هێڵکاریی (4)دا بخرێنەڕو:

7. أ. لەوێڕا گەر چەوێ لە بینی کانییەک بگیرێ
لێرەڕا ئەم شیعری قرخەیەک ئەکات و
دەست ئەبا بۆ قوڕگی(523).
ب. زامێکم لەدوندی کەکۆنی حاجیدا بۆپێکەن
با سەری بڕراوی شیعرێ بێ
یان مەمکی " وەسانان "(512).
ت. نیشتیمان! من ناوت لێ ئەنێم گڵمتکێ
ئەوەندەی لە مشتی شیعرێکما تۆ جێگەت بێتەوە(569).

پ. تۆ بێ " هەڵگورد " شیعرێکی کاکی بەکاکیت
نە گزنگت تێدا ئەڕوێ و نە سۆزیشت باڵا ئەکا (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩:٥٠٩).

وەک لە نمونەکانی سەرەوەدا دیارە، کە لە چەند دێڕێکی جیاوازی نێو دیوانەکەوە وەرگیراوە، لەڕوی بەکارهێنانی واتاییەوە فۆڕمی شیعر هەرجارێک بەواتایەک بەکارهاتوەتەوە، کە هیچیان واتای بنەڕەتیی شعر نین و واتای مەبەستدارو میتافۆڕیین، لە نمونەی (ا)دا، چەمکی /شیعر/ بە مرۆڤ کراوە، چونکە لە سیاقی بەکارهێنانەکەیدا لەگەڵ ئەو وشانەدا کۆتوبەند کراوە، کە سیفەتی مرۆڤن، چونکە کاتێک مرۆڤ شتێک لە بینی/قوڕگی بگیرێت، قرخە دەکات و دەست بۆ قوڕگی دەبات، لێرەدا هەوڵی شاعیر لە بەکارهێنانەوەی فۆڕمی / شیعر/ لە جێگەی مرۆڤ مەبەستی شاراوەی نێو دەقە شیعرییەکەیە، ئەویش لەوەدایە کاتێک شاعیر لە تاراوگەدابوەو لێرە نیشتیمانەکەی لە ئازاردابو، کە ناچاربوە ئازارەکانی نیشتیمانەکەی بە شیعر دەربڕبڕێت. بەهەمان شێوە لە نمونەکانی (ب، ت، پ)یشیدا، کە (سەری بڕاوی شیعر، مشتی شیعر، شیعری کاکی بەکاکی)، ئەمانەش بەهەمان شێوەی نیوەدێڕی یەکەم هەریەکەو مەبەستێکی شاعیری تێدا خراوەتەڕو، بەڵام مەبەستی توێژینەوەکە زیاتر پێدانی واتای میتافۆڕییە بە فۆڕمی /شیعر/. بۆ بینینی نمونەی زیاترو بەکارهێنانەوەی ئەم فۆڕمە بە مەبەستی پێدانی واتای میتافۆڕیی بڕوانە هێڵکاریی (4):




هێلکاریی (4)

8. / مێژو/

شاعیر لە تەواوی دیوانەکەیدا هەوڵیداوە زۆرترینی ئەو فۆڕمانەی دەربیبڕیون دوربن لە واتاو مەبەستی بنەڕەتیی فۆڕمەکە، واتە بە زمانێکی شیعریی دور لە بەکارهێنانی واتای فەرهەنگیی تەواوی مەبەستەکانی دەربڕیوە، کە ئەم زمانە باڵایە شاعیری بردوەتە لوتکەی سەلیقەی بەکارهێنانی فۆڕمەکانی فەرهەنگی زمان و لە نواندنیاندا بۆ واتایەکی نوێ و دور لە واتای فەرهەنگیی بەکاریان بهێنێتەوە، بۆ نمونە بەکارهێنانەوەی فۆڕمی /مێژو/، گەر بڕوانینە نمونەی (8)، زۆر بە جوانی دیارە، کە شاعیر مێژوی بە مرۆڤ کردوەو لە یەکێک لە نیوەدێڕەکاندا، تەنانەت مێژو سیفەتی (شل)ی خراوەتەپاڵ، کە ئەوە دەردەخات مێژو بە تەن کراوەو سیفەتەکەش نیشانەیەکی دیارو ئاماژەیەکی ڕونە بۆ (ئاو)، لەخوارەوە نمونەکان ببینە:


8.ا. لێرەش هەر کوێستانی زمانم لە مەنفا ئەمرێت و
مێژویشم عەگالی لەسەری پێچراوە(574).

ب. هەنوکە من لەگەڵ مێژوی کەڕ ئەدوێم و
زمانم غەریبی فەرهەنگی خۆیەتی(547).

ت. پێویست بو ئەو كاتەی شڵپەی خوێن لە ڕۆخی
لەشەوە، ئەگەیشتە گوێی مێژو، لەو زەریا سورەدا(527).

پ. لە گوێ زەریایت
یەكەم جارە ئەم مێژوە شلە ببینی (شێركۆ بێكەس، ٢٠٠٩: 84ە).

گەر لە نیوەدێڕی یەكەمەوە بڕوانینە بەكارهێنانەوەی فۆڕمی /مێژو/، زۆر بەڕونی خواستی شاعیر لە بەكارهێنانەوەی ئەو فۆڕمە بەو سیفەت و واتایەوە دەركەوتوە، چونكە جیا لەوەی(مێژو عەگاڵی لەسەرە)، مێژو بە مرۆڤ كراوە، چونكە مرۆڤ عەگاڵ لەسەر دەكات، واتایەكی قوڵی لەپشت ئەو دەربڕینەوە حەشارداوە، ئەویش ڕوانینە لە مێژویەك، كە دەسەڵاتی عەرەب زاڵبوە بەسەریدا، چونكە (عەگاڵ) نیشانەیەكی دیاری نەتەوەی عەرەبەو بەهۆی تەعریبەوە هەرچەند ئاوڕ لە مێژو بدەینەوە، هەر تەنها داگیركردن و زامە قوڵەكانی نیشتیمانمان لەلایەن نەتەوەی عەرەبەوە بەسەر جەستەی نەتەوەو خاك و كلتورو تەواوی تایبەتمەندییەكانمانەوە هەر ماوە. شاعیر لە دێڕەكانی (ب، ت، پ)یشدا فۆڕمی مێژوی بەكارهێناوەتەوە، وەكو (مێژوی كەڕ، گوێی مێژو، مێژوی شل)، كە توانای بەكارهێنانەوەی بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز تێدا خراوەتەڕو. بۆ بینینی نمونەی زیاتری بەكارهێنانەوەی فۆڕمی /مێژو/ لە دیوانەكەیدا بۆ پێدانی واتای جیاوازو تەنانەت دور لە واتای فەرهەنگیی بڕوانە هێڵكاریی (5):




هێڵكاریی (5)

9. /پلەپێوەر/

مەبەستی توێژینەوەکە لێرەدا بۆ نواندنی فۆڕمە فەرهەنگییەکانە، بەڵام بۆخستنەڕوی سیمای پێوانەیی فۆڕمەکەیە، بەو مەبەستەی شاعیر دەستی بۆئەو فۆڕمانە بردوە، کە نیشانەی [+ پلەپێوەر]یان تێدا هەڵگیراوە، چونکە زۆرو کەمیی (ئاخ، ژان، سۆز،...)مان لەڕیگەی بەکارهێنانەوەی ئەو فۆڕمانەوە بۆ نیشانەدەکات، کەواتە دەبێت ئەو فۆڕمەی شاعیر بەکاریدەهێنێتەوە هەرچەندە لەناو ئەدەبدایەو شاعیر ئازادە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، بەڵام پێویستە بە یاسای زمانییەوە پەیوەست بێت، چونکە تاوەکو فۆڕمەکە نیشانەیەکی پێوانەیی تێدانەبێت، نە لەزماندا دەتوانرێت بۆ پلەپێوان بەکاربێتەوە، نە شاعیریش دەتوانێت بۆ نیشاندانی پێوانەیی وەریبگرێت، بڕوانە نمونەی (9)، هەروەها لە هێڵکاریی (6)دا زۆرینەی ئەو وشانەی شاعیر بۆ سیمای پێوانەیی بەکاریهێناون خراونەتەڕو، لە خوارەوە نمونەکان ببینە:

٩. ا. دوندی ئاخ لە سینەی بولێڵی ئێمەدا
هەڵکشاو، سەربەگوڵ، چەند بەرزە(516).


ب. چۆن توانیت بە تاڵە زوڵفێکی حەبیبە
گردۆڵکەی ژانی خۆت لە قەدی شەوانی تەنیایی
شەتەک دەیت؟ (609)

ت. بەڵام بۆ شیعری جوان، زڕنگەی پاوانە
بۆ کانە پرشنگی هزری ورد، بارانی خەیاڵ و
بریقەی هەستی تەڕ(608).

پ. زنجیرە سەماکی کۆتەڵمان
یەک بە یەک چۆن بەسەر پێدەشتی
سۆزماندا
ئەڕوانن! (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: 16ه).

بە تێروانین لەنمونەکانی (9) دەتوانین ئەوە ببینین، کە شاعیر (دوند، گردۆڵکە، کان، پێدەشت)، کە لە بنەڕەتدا واتە لە واتای فەرهەنگییاندا تەنێکی سروشتیین، بەڵام لەبەر ئەوەی سیمای پلەپێویان تێداهەڵگیراوە، واتە لە ئاوەزی هەمو تاکێکی ئاخێوەری زماندا، بەرانبەر بەو فۆڕمانە نیشانەی پێوانەیی هەیە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت وێنابکرێت، کە شاعێر دەڵێت: (دوندی ئاخ) واتە هەموان ئەوە دەزانین، کە دوند لوتکەیەو لەوە بەرزتر شتێکی ترمان نییە، هەروەها فۆڕمی (ئاخ)یش پلەداریی تێدایە، بۆیە دەتوانرێت ڕێژەی ئاخ و... پلەکانیان دەستنیشان بکرێت، بۆیە شاعیر هاتوە لە زۆریی ڕێژەی خەم و پەژارەی نەتەوەکەیدا (دوند)ی

هەڵبژاردوە، ئەمەش پێوانەیەکە بۆ زۆریی خەم و ئاخی ئێمە وەک نەتەوەی کورد. یان (گردۆڵکەی ژان) بەهەمان شێوە، بەڵام (کانەپرشنگی هزری ورد) شاعیر ئەیەوێ بڵێت (نالی) بۆیە توانیویەتی تەواوی ئازارو خەم و ژانی نەتەوەکەی بە شیعر دەرببڕێت، چونکە هزری شاعیر وەکو کانێک وابوە، کە گەنجینەی گەوهەرو ئەو شتە بریقەدارانەبوە، کە ڕەونەقدارو پرشنگیان هەبوەو گرانبەهابون، بۆیە وشەکانیشی هێندە بە نرخ و بە قیمەتن و توانیویەتی جوانترین دێڕەشیعریان لێ بەرهەم بهێنیت، هەروەها ئەمەش بەهەمان شێوە ئەوە دەسەلمێنێت، کە فۆڕمەکانی (ژان، هزر) پلەدارن و بە فۆڕمی پلەپێوی شاعیر دەتوانرێت مارکە/نیشانە لە پلەکانیان بدرێت، بۆبینینی نمونەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (6):




هەروەها یەکێکی تر لەو فۆڕمانەی لای شاعیر بەکارهاتوەتەوەو پلەبەندیی بۆ کراوە، فۆڕمی /خەم/ە، واتە گەر بڕوانینە نیشانە واتاییەکانی ئەم فۆڕمە وەک دانەیەکی لێکسیکیی، ئەوا دیارە کە خاوەنی نیشانەی پلەبەندییەو هەمو خەمێک یەک پلەو یەک پێوەری نییە، واتە خەم هەیە سوکەو خەمیش هەیە قورسە، جا ئەوەی پەیوەندیدارە بە توێژینەوەکەوە بەکارهێنانە پلەییە ئەدەبییەکەی شاعیرە، دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕو، کە شاعیر کام فۆڕمانەی زمانی بەکارهێناوەتەوە لەبەرگێکی شاعیرانەو بەواتایەکی میتافۆڕیی نیشانە/مارکەی لە پلەکانی /خەم/ داوە، بڕوانە نمونەی (١٠.أ)، هەروەها فۆڕمی /خەون/یش بەهەمان شێوە، بۆ بینینی نمونە بڕوانە (١٠.ب)و هێڵکاریی (٧):

١٠. أ. خۆ ئەم چەمە سەرکەشەی خەم     لەخۆیەوە جڵەوی ڕۆخی ئارامی نەپچڕاندوە (575).

ب. دەریاچەی ئەو خەونە هیچ گەرا ئەستێرەی جێنەهێشت؟

قەتارەی ئەو هەوري وشانە نەخرۆشان؟

گزنگیان دانەڕشت؟ (٦٢٨).

خەم
چەمی خەم
خەم دەسوتێ
خەمی درێژ
خەمی دەستوپل زبر
خەم هەڵدەفڕێ
خەمی گەش
خەمی بەختیار
خەم

خەون
دەریاچەی خەون
مێرگی خەون
بای خەون
خەون

١١. /ئەندامەکانی لەش/

ئەندامەکانی جەستە یەکێکن لەو فۆڕمە بەهێزانەی بەردەستی شاعیر، کە توانیویەتی زۆرترین واتای میتافۆڕییان لێ بەرهەم بهێنێت، چونکە سیفەتی بە مرۆڤکردن لەڕێگەی بەکارهێنانەوەی ئەو فۆڕمانەوە دێتەبون، کە تایبەتن بە مرۆڤ، بۆیە گەر بڕوانینە نمونەکانی (١١)، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە شاعیر (پێڵو، دەست، شان، هەناو) ئەم فۆڕمانەی بەکارهێناوەتەوە، لە خوارەوە نمونەکان ببینە:

11. ا. وا خۆیشم ناوئەنێم قومێ ئاو
ئەوەندەی لە پێڵوی بەردێکتا
من جێگەم بێتەوە(569).

ب. هەمو ڕۆژ دەستێکم کۆچ ئەکاو جێم دێڵێ
هەمو شەو من عەردی خەمێکی بەیارم و
ڕۆژانەیش تینویەتی شەهیدێ ئەمکێڵێ(529).

ت. بە گەڵا تەقەڵی پایزان
چۆن هەور دائەدروی
بە شانی غوربەتداو چۆن فرمێسک ئەڕوێنی؟!(608)

پ. ئەو وەختەی تۆ لەناو هەناوی چیادا
بنج بویت و ئەتنوسی(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩: ٥٠٩).

شاعیر زۆر بە جوانی لەو دێڕە شیعرانەی سەرەوەدا توانیویەتی فۆڕمەکانی فەرهەنگی زمان بەو شێوازە بەکاربهێنێتەوە، کە خۆی دەیەوێت، وەک لەسەرەوە باسکراوە، کە واتای میتافۆڕ تاکە کەسییە و بەردەوام ئەگەری وەرگرتنی واتای نوێی هەیە بەپێی خواستی شاعیران لە بەکارهێنانەوەی فۆڕمەکانی زمان بۆ گەیاندنی مەبەستی خۆیان، هەر بۆیە واتای میتافۆڕیی ناگەڕێتەوە بۆناو فەرهەنگی زمان، چونکە لێرەدا ئەوەی (پێڵوی بەرد، دەستێکم کۆچ دەکات، شانی غوربەت، هەناوی چیا)ی دروستکردوە تایبەتە بە شێرکۆبێکەس، کەواتە ئەو واتا میتافۆڕییەی بەم فۆڕمانە دروستکراون لە دێڕەشیعرییەکانی شێرکۆبێکەس و بە زمانی شیعریی شێرکۆ بە خوێنەر گەیشتون، بۆیە بەکارهێنانەوەیان بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستانەی لێرەدا باسکراون تایبەتن بە شێرکۆ نەک شاعیرێکی تر. بۆ بینینی نمونەی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی (٨)




سەبارەت بە چۆنێتی دروستبون و سەرهەڵدانی میتافۆڕ، سیمانتیک و پراگماتیک یەکتری تەواو دەکەن، چونکە زمانەوانی سەرهەڵدانی میتافۆڕ ناگەڕێنێتەوە بۆ جوانکردنی وتن و دەربڕینەکان، وەک بۆچونە ئەدەبییەکان بۆی دەچن، بەڵکو بەکارهێنانی میتافۆڕ بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەهەمویان گرنگتر

ئەوەیە، کە وشەو دەربڕینەکانی زمان هەرگیز ناگەنە ژمارەی ئەو چەمکە بیرییانەی، کە مرۆڤ دەیەوێت دەریببڕێت، کەواتە پەیدابونی میتافۆڕو ئەو بارەی تێیدا سەرهەڵدەدات، پەیوەندی بە زمان و دەوروبەرەوە هەیە. شێرکۆ بێکەس نمونەی باڵای شیعرو شاعیری ئازادیی و بەرگریکاری مافی ژن و ئەوینی پاک و خۆشەویستی بێگەرد، شاعیری ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجەو ژنە ڕەشپۆشەکانی دوای ئەنفال و منداڵەهەژارەکان و ماڵە بێنەواکانە، شاعیری ڕۆژانی ئاوارەیی و ژیانی کولەمەرگیی و سەردەمی شۆڕش و بەگژداچونەوەی دوژمنانی کوردە، یەکێکە لە وەرچەرخێنەرانی شیعری کوردیی و بە پایەیەکی بەهێزی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیی دادەنرێت، جگە لەوەی چەندین شیعری نیشتیمانیی و ئەوینداریی نوسیوە، هاوکات بەرهەمەکانی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردیین.

## ئەنجام

توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتوە، کە:

1) بەکارهێنانی میتافۆڕ لە زماندا ناگەڕێتەوە بۆ جوانکردن و هەست بە بەرداکردنی وشەو دەربڕاوەکان، بەڵکو واتاکان هەر لە قاڵبە زمانەوانییە پێڕەوبەندییەکەدا دەمێننەوە، چونکە لەزماندا میتافۆڕ بۆ نیشانەکردن و ڕونتر نیشاندانی واتای وشەکە بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی میتافۆڕ لە ئەدەبدا چێژ بە وشەکان دەبەخشێت و وایان لێدەکات هەستی خوێنەر بجوڵێنن، چونکە لە قوڵایی هەستی شاعیرەوە دەردەبڕدرێن.

2) واتای میتافۆڕیی وەک هەر دەربڕاوێکی تری زمانیی لە گەنجینەی فەرهەنگی زمانەوە دێتە دەرەوە، واتە نواندنی فۆڕمێکی فەرهەنگییە بۆ گەیاندنی واتایەکی میتافۆڕیی، جا چ لە زماندابێت یان لە ئەدەبدا، ئەو واتا میتافۆڕییانەی لە نمونەکاندا خراونەتەڕو، هەرچەندە فۆڕمەکانیان لە فەرهەنگەوە هاتون، بەڵام لە نواندنیاندا واتایەکی تاکە کەسییان گەیاندوە، واتە ئەو واتایەیان گەیاندوە، کە شێرکۆ بێکەس مەبەستیبوە لەڕێگەی ئەو فۆڕمانەوە بیانگەیەنێت، بۆیە دەکرێت مەبەست و واتاکەی بگۆڕێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە، کە ڕێگە بە گەڕانەوەی واتا میتافۆڕییەکان نادات جارێکی تر بچنەوە ناو فەرهەنگی زمان.

3) واتای میتافۆڕیی پێویستی بە سەلیقەی بەکارهێنان هەیە، چونکە هەمو بە زاندنێکی یاسا زمانییەکان واتای میتافۆڕیی دروستناکەن، لە زمانیشدا دەربڕینی واتای میتافۆڕیی لە دەربڕاوە ئاساییەکانی تری زمانەکە کاریگەریی زیاترەو ئاستی بەکارهێنانەکەی بەرزترە لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، جا بەکارهێنانی لە زمانی شیعرییدا و تێکەڵکردنی لەگەڵ هەست و سۆزو سەلیقەی وردی شاعیردا، ئەوا زمانی شیعریی دەباتە ئاستێکی بەرزو باڵاوە. وەک ئەو زمانەی کە شێرکۆبێکەس توانیویەتی بە سەلیقەی وردو بە ئاگایی بەکارهێنانەوەی فۆڕمەکانی زمانەکەوە لە دەربەندی پەپولەدا بەکاریهێناون.

4) بەکارهێنانی واتای میتافۆڕیی وردترە لە واتای ئاسایی فۆڕمەکانی زمان، چونکە بەکارهێنانی واتای میتافۆڕیی لە بنەڕەتدا بۆ نیشانەکردن/مارکەلێدانی پلەداریی فۆڕمە گشتییە فەرهەنگییەکان بەکاردێت، کە لە توێژینەوەکەدا چەندین فۆڕمی پلەدار خراونەتەڕو، شێرکۆبێکەس بە بەکارهێنانەوەی کۆمەڵێک فۆڕم و پێدانی نیشانەی واتایی تایبەت بە هەستی خۆیەوە، نیشانە/مارکەی لە پلەداریی فۆڕمەکان داوە. شاعیر هەوڵیداوە وشەکان زۆرترین جار بەکاربهێنێتەوەو هەر جارێک بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێی میتافۆڕیی، ئەمەش خواستی شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی دەخاتەڕو.

# The metaphoric perception in language and literature (Sherko Bekas's "Darbandi papula") as an example

**Bizhwen yahya mohammed**

Kurdish Department, College of Basic Education, Universty of Garmian,Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The research is titled (The metaphoric perception in language and literature "Sherko Bekas's "Darbandi papula" as an example), which is a literary linguistic research. In the research, several rank forms were presented, and Sherko Bekas has marked the rank of forms by using a set of forms and giving a meaningful sign of his feelings. It is an attempt to identify and present the process of presenting hidden images of a lexical form, more commonly known as metaphor in linguistics, which mark linguistic metaphors and replace morphological form. According to the semantic theory of composition, these metaphors are expressed as a major sign, so language can be considered as a common tool of language science and literature genre, especially the research has focused on the language used in poetry, in this way The creation and analysis of metaphors is involved in both semantic and pragmatic aspects, if it is not easy to understand the metaphor.

**Key words:** Metaphor, Poetic, Sherko Bekas, Deviation , Semantic Feature

## سەرچاوەکان

احمد، مەریوان حمەکریم (٢٠٢٢)، بنیاتی وێنەی هونەریی لەشیعری (سالم)دا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.

بابایی، مەسعود (2020)، زمان لەنێوان ململانێی شیعرو فەلسەفەدا، گۆڤاری وێژمان.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆبێکەس/دەربەندی پەپولە، بەرگی سێیەم، سوید.

حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٧)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردییدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.

حەسەن، حەمەسەعید (٢٠١١)، بەهرەی شیعری و ئەزمونی شاعیر، ڕۆژنامەی گولان.

دزەیی، عەبدولواحید مشیر (٢٠١٥)، پراگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر.

دزەیی، عەبولواحید مشیر (٢٠٠٩)، واتاسازیی، چاپی یەکەم، هەولێر.

عبدالله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردیی، سلێمانی.

علی، سروه طاهر (٢٠٢٠)، ڕەهەندی ئیستاتیکی لەدیوانی (دەربەندی پەپولە)ی شێرکۆ بێکەسدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٧).

عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠٢٢)، میتافۆڕ لە شیعردا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆڕ لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.

کاکی، حمە نوری عمر، شەیدا ڕەشید محەمەد (٢٠١٩)، شێوازی شیعری شێرکۆبێکەس لەئاستی پێکهاتەییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦).

کریم، ئازاد عبدالواحید و عمر، مهدی فاتح (٢٠٠٨)، زمانی شیعری لەنێوان ئەزمونی شاعیرو ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەک نمونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٤).

کەریم، فەرهاد قادر (٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، چاپی یەکەم، هەولێر.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٣)، بنیاتی وێنەی هونەریی لەشیعری کوردیدا(١٩٩٧٠ـ١٩٩١).

گەرمیانی، عادل (٢٠١٣)، خەسڵەتکانی زمانی کوردیی هاوچەرخ، گۆڤاری دەنگەکان، ژمارە (4).

محمد، بژوێن یحیی (٢٠21)، نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا، سلێمانی.

محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین (٢٠١٤)، شیعرییەت لە دەقە نوێکانی شیعری کوردییدا، گۆڤاری هزرو هونەر، ژمارە (١١٢).

مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١)، پراگماتیک وشێوازگەریی، چاپی یەکەم، کۆیە.

مستەفا، ئاسۆ عمر (٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران، چاپی یەکەم، دهۆک.

معین، سازان ڕەزا (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر (لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

مەحمود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی واتای دەقدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٣).

نوری، جەمال (٢٠١٩)، زمان و وێنای شیعریی لە شیعری لیریکدا، گۆڤاری نوێ.

ئەحمەد، بێستون حەسەن (٢٠١١)، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لەزمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد، سافیە محەمەد (٢٠١٣)، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر.

ئەحمەد، ئارام (٢٠٢٠)، دیاردەیەکی شیعریی لای ئارام سالح، ڕۆژنامەی هەولێر.

جاحظ (١٩٩٨)، البيان والتبين، تحقيق وشرح: عبدالسلام محمد هارون، ج١، ط٧، القاهرة، مطبعة المدني.

السكاكي، أبي يعقوب يوسف ابن ابي بكر (١٩٨٧)، مفتاح العلوم، ضبطة و كتب هوامشة وعلقعليه: نعيم زرزور، بيروت، دار الكتب العلمية.

العسكري، أبي هلال الحسين (١٩٥٢) كتاب الصناعتين (الكتابة والشعر)، تحقيق: على محمد البجاوى، محمد ابوالفضل ابراهيم، ط ١، دار اخياء الكتب العربية.

David Retchie (2013), Metaphor, Cambridge.

Бертельс,Андрей (1935 ХУДОЖЕСТВЕННЫЙ ОБРАЗ В ИСКУССТВЕ ИРАНА IX-XV веков (Слово, изображение).. «Восточная литература» РАН. Москва.

Хализев, Валентин (2004). Теория литературы. учебник. – 5-е изд. испр. и доп. – Москва. Высш. Шк.

Арнольд, Ирина.(2002). Стилистика. Современный английский язык: учебник для студентов лингвистических вузов и факультетов иностранных языков. Москва. Издательство «Наука».

Потебня, Александр.(1990). Теоретическая поэтика. Москва. Высшая школа.

Чудинов, Анатолий (2001). Россия в метафорическом зеркале. Екатеринбург.Урал. гос. пед. ун-т .

. Сухих С.И.(2001). «ТЕХНОЛОГИЧЕСКАЯ» ПОЭТИКА ФОРМАЛЬНОЙ ШКОЛЫ. Нижний Новгород. КиТиздат.

. Левинтон, Георгий (2017). СТАТЬИ О ПОЭЗИИ РУССКОГО АВАНГАРДА. Helsinki. Unigrafi a.